# پێداگری تاڵەبانی و پشتیوانی ڕۆژئاوا



ئەگەر پێداهاتنەوەیەکی خێرا بکەین دەبینین لە یەك ساڵی ڕابردوو دوو ڕوو لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقی لە سەر ئاستی جیهان و تا ناوەخۆش کارەکانیان هەڵدەسوڕاند و وێنایی عێراقیان دەکرد، بەرپرسیارەتی ڕووداوەکانی پەیوەست بە ناوچەکەیان لە ئەستۆ بوو، تاڵەبانی وەك سەرکۆمار و جەعفەریش وەك سەرۆك وەزیر بە هاو تەریب و لاری چەندین جاریش لە خاڵی هاوبەش پێکیان دادەدا، دەرئەنجامێکی ڕوون و ئەزموونێکیشی بە گەلانی عێراق بەخشی.
تاڵەبانی لە پۆستەکەی دا وەك سەرکۆمار توانی گشتگری خۆی و یەکسانی پێکهاتەکانی عێراق بسەلمێنێ و لە باشور تا ناوەڕاست و کوردستان، شیعە و سوننە و کوردەکان لە ژێر یەك چەمکی مرۆڤایەتی و لێبوردەیی کۆ بکاتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم ووتانەش ڕۆژگاری ئەمڕۆ گەواهیدەرن کە دەبینین کورد و سوننە و شیعەی مۆدێرن تاڵەبانیان کردۆتە مەرجەعیەتێك کە چیتر وێنایی تەنیا کورد ناکا، بەڵکو عێراقی ڕاستەقینە بریتیە لە تاڵەبانی کە هەموو خاسیەتەکانی سوننە و شیعە و کوردی تیایە، کە دەیەوێ لە سەر بنەماکانی دیموکراسیەت و مرۆڤ خوازی عێراقێکی جیاواز وەك پێکهاتەی یەکێتی ئەوڕوپا بێ، ئەو گەلانەی تیایدا دەژین وەکو سروشتی جیهان جیاوازی و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان بێ. لەگەڵ ئەمەش تاڵەبانی نایەوێ کۆنترۆڵ بگرێتە دەست و دەست نیشانی پۆستەکان بکا چونکە ئەو کات بەهای فرەیی و دیموکراسیەت لە ناوەڕۆکێکی تۆتالیار زیاتر بوونی نیە بەڵکو بەردەوام کۆتایی بڕیارەکان ڕووەو پەرلەمان دەکاتەوە کە پیرۆزیەت و ئەرکی ئەو ئەنجومەنە نیشاندەدا بۆ ئەوانی تر.
تاك ڕەوی جەعفەری لە یەك ساڵی ڕابردوو نەك هەر هەرەسی بە یەکێتی عێراق هێنا بەڵکو مەترسی عێراقێکی تایفەگەری خستە بیری هەموو تاکێك، نائەکادیمی و دوور لە دیبلۆماسی لە یەکەم ڕۆژی سوێندانی، بۆ خەڵك بە دیار کەوت کە تەنانەت بووە ناڕەزایی زۆرێك لە وەزیرەکانی سەرەڕایی هاوڵاتیان، دەتوانین ببین بە پارێزەری جەعفەری و ئەو ساڵەی ڕابردوو بە ناهەماتی و سەختی بارودۆخ، سەرەتایەك و ئەزموونێکی نوێ  وێنایی بکەین، دەتوانین گریمان بکەین نەکرا لەبەر هۆی تازە دەست بەکاربوون و یەکەم ئەزموون داواکانی گەلانی عێراق لە سوننە و کورد شیعە جێبەجی بکا و ئارامی و ئاسایش، نۆژەن بوونەوە دابین بکا، بەڵام لە کاتێ عێراق نقوومی پەشێوی و نائارامیە، وەزیرەکەی خەڵك ئاگادار دەکاتەوە کە ئامادەن زرێپۆش بێننە ناو شار و لە شەقامەکان دا خوول بخۆنەوە کەچی جەعفەری گەشتێکی ناساز دەکا و دوور لە بەرژوەندی عێراق و هێمن بوونەوەی ناوچەکە، ئەم هەڵسوکەوتانەی نیشانی دا کە کار بۆ خەڵکی عێراق ناکا بەڵکو شتێك ئەویش لێکترازانی عێراق و پێکاندنی داواکانی دوژمنانی دیموکراسیەتە، بۆیە ئەگەر کورد و سوننە و شیعەی مۆدێرن لەلایەك نیوەی لیستی ئیتلافیش لە لایەکی تر لەگەڵ جەعفەری دا نین ئەی هۆی چیە دێتەوە نێو گۆڕەپانەکە و کاندیدێکی بەهێزە بۆ سەرۆك وەزیر؟ ململانێی سیاسی جیهانی خاکی عێراقیان کردۆتە گۆڕەپانەکە و کاندید کردنەوەی ناوبراویش پەیوەستە بەم یارییەوە لەبەر ئەمەش پێویستە ئێمە بزانین جیهان چۆن دەڕوانێتە عێراق؟ ڕێگا چارەکانیان چین؟ دراوسێکانی عێراق وەك ئێران کە یەکەم دژ بە دیموکراسیەت بوونی عێراقە چونکە وا لە نێو خودی ئێران جوڵانەوەیەکی بەهێز بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران هەیە جا باری ئەوەی ببیتە هاوسێی، دووەم ئەو جەنگەی ئەتۆمی کە لەگەڵ وولاتەیەکگرتووەکان هەیەتی نەك تەنیا ئوسا بەڵکو بەشێکی جیهان، بۆیە یاریەکە لە خاکی عێراق

دەكا و كاندید بوونەوەی جەعفەریش لكاوە بەم مامەڵەیەوە، لەم لاوە توركیا وەك هەموومان دەزانین وولاتێكی بەهێز و خاوەن ستراتیژیەكی گەورەی جیهانە و پردێكە لە نێوان ڕۆژئاوا و جیهانی ئیسلامەتی، بێزاری ئەوروپا پێیەوە هەروەها كە هاوسێی عیراقە نابێ چاوەڕوانی كەمتری لێبكەین لەوەی كە دەیكا، بۆیە ئێمە وەك كورد ئەژدیهایی توركیا لەبەر چاو بگرین وا زوو بەرەو ڕووی نەبینەوە ماوەیەك پێش ئێستا هەواڵی ئەوەم خوێندەوە لە كەركوك خۆپیشاندان كراوە بۆ ئازادی ئۆجەلان و پارێزگاریش پشتیوانی خۆی دەربڕیوە!!! سەرم سورما كەركوك بە خۆی گڕێكی ئاگرە و بەنزینیشی بكەیتە سەر ئەوا هاتە بەر چاوم، دوو لێكدانەوەم بۆی كرد یەكەم دیارە ئەمەریكا گڵۆپی سەوزی پێكردوە كوردیش تێیپەراند، یان ئەوەتا توركیا فاوڵەكی گەورەی كردوە كە ئەویش فاولە و هەم گڵۆپی سەوزە بۆ كورد، پاشان ئەوە بوو كە توركیا سەرانی حەماسی بانگی توركیا كرد بوو، ووتم هائهو وئهو شەڕ لە بادینان تۆز لە بەردەرگای ماڵمان، ناڵێم ئەو شتە نە كرابە بەڵكو دەكرا بۆ ئێستا بكرابە یا پارێزگار پشتیوانی نەكردبا یان با تەقەی هەوایی لە خۆپیشاندەران بكرابە بە هەر شێوازێك بێ دەكرا كورد وا بكا نە شیش بسووتی نە كەباب، چونكە زەرەرێكی گەورە بوو بە دۆسیەی كەركوك و كێشەی كوردستانی عێراق، ڕەنگە توركیا بتوانێ بڵێ ئەمە دەستێوەردانی ناوەخۆی توركیایە بۆیە ئەگەر ئەمێستاش توركیا كە بەوەی زانی هێشتا كەركوك نەگەڕاوەتەوە سەر كوردستان ئێمە دەست بۆ نێو خاكی ئەو دەبەین!! ئەویش بێجگە لەوەی هێزێكی ناوچەكەیە دەتوانێ بە توركمانەكان قەڵسمان بكا، وەك ئێستا لەگەڵ جەعفەری دەیكا، دەبێ بزانین بەیانی لەگەڵ سوننەش هەمان كار دەكا چونكە تاكە مەبەستی توركیا لە عێراق لێدانی كوردە، ئومێدەوارم چ سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئێستا چ سەرۆك كۆماری عێراق لە داهاتوو سەردانی فەرمی توركیا بكەن و برایەتی و تەبایی هەر دوو گەلی كورد و توركیا، گەلانی عێراق و توركیایان پێ بگەێنن. وەلێ دەبێ ئەوەش بزانین ئێمەش قورسای خۆمان هەیە و كارتی زۆرمان بە دەستەوەیە بۆیەش ئەمەریكا و سەرۆك بوش كە دوو شتی جیاوازن پشتیوانی ئێمەن. سوریا دەكرێ بخەینە خاڵی یەكەمی ئێران، وولاتێك هاوبیری سەددام بێ بێگومان چارەی وەك ئەوە لەبەر ئەمەش تا بتوانێ دژیایەتی ئەو هێزە دەكا كە هامان چارەنووسی بۆ دیاری كردوە. سعودیا وولاتێك لە تراژیدیا بۆمبێك لە هایدرۆجین نەك بەشدارە لە نائارامی عێراق بگرە گەمەی كوردستانیش دەكا كار بۆ توندڕەوی و بڵاوكردنەوەی وەهەبیەت و بە عەرەبكردن دەكا پێویست بە وردەكاری ناكا دوور كەوتنەوەی یەكگرتوو لە بەرژوەندی و ستراتیژیەتی كورد ڕوونی ئەم شتە دیار دەكەن.

ڕۆژئاوا دەبێتە دوو بەشەوە یەكەم ئەمەریكا و هاوپەیمانانی ئەویش كار و هەڵوێستیان لە خەڵمای زادە دیارن كە بێگومان سیستەمی دیموكراسی و فرەی نەبێ بە هیچ تر ڕازی نین بۆ عێراق چونكە ئەگەر وانەبێ پرۆژەكەیان كە بە دیموكراسی كردنی جیهانە لە عێراقێكی تاكرەو كۆتایی دێ، بەشەكەی تر هەمان داواكاری بە دیموكراسی كردنی عێراقە بەڵام بە گشتگری وولاتان نەك بە پێی ویستی بوش هەر بۆیەش تێكڕا چاوەڕوانی ئەوەن كەوا عێراقیەكان خۆیان حوكمەتێك دروست بكەن كە تێكڕای پێكهاتەكانی بێ، كە گشت لایەكی ڕۆژئاوە و خەڵمای زادە لەسەری كۆكن، باشە ئەی چۆن ئەو حوكمەتە دروست بكەین كە بتوانێ نوێنەرایەتی عێراق بكا، ئەویش هەفتەنامەی The Economist كە یەك ملیۆن خوێنەری زیاتر هەیە لە دیسێمبەری ٢٠٠٥ لەسەر ووتاری هەفتەنامەكەی بەناوی ( How to deal with Iraq’s insurgents) بە چاوی ڕیاڵتە نەك چاوی كورد یا شیعە، زۆر بە ڕوونی دەچێتە بنەوانی چارەسەر بۆ حوكمەتێكی فراوان و عێراقێكی ئارام ئەوەیە كە سوننەش بەشدار پێ بكەن و پۆستی گرینگی پێ بدەن تا هەست بە لێپرسراوەتی بكەن و بزانن پەراوێز نەكراون، كە یارمەتی تیرۆریستان نادەن و دژیان دەوستن چونكە خۆیان حوكمەتن، هەر بۆیە خەڵما زۆر پێ دادەگرێ وەزارەتی ناوەخۆ بدرێ بە سوننە، من پێم شتێكی زۆر باشە بۆ ئارامی عێراق چیتر مەرگی مندالانی بێ تاوان نەبینین ئەگەر شیعە نارازی بێ كورد دەتوانێ پۆستێكی تری وەزاری گرینگ بداتە سوننە تا وەزارەتی دەرەوەش بێ، كە شیعە هێڵی سور بۆ سوننە دیاری نەكا و ئەمەریكا بتوانێ بەرنامەكەی

بباتە پێشەوە کە بێگومان بە قازانجی کورد نەك لە عێراق بەڵکو بەشەکانی تریش دەشکێتەوە، هەروەك سەرۆك بوش لە ئەفغانستان دڵنیایی کردەوە ئێران نابێ ئەتۆمی هەبێ. بۆیە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی زەڵما و بەشەکەی تری ڕۆژئاوە بریتیە لە بەرنامەکەی تاڵەبانی کە عێراق حوکمەتێك دروست دەکا بە بەشداری هەموو لایەك و (تەوافق) پارسەنگی مانەوەیەتی نەك زۆرینە دەسەڵات بگرێتە دەست و کەمینە بخرێتە گۆشەوە، بە کورتی تاڵەبانیەکی تر پێویستە بۆ عێراق کە پێش وەخت بزانێ مرۆڤە دواتر شیعەیە یا سوننە یا کورد چونکە هەوڵدان بۆ بنەماکانی مافی مرۆڤ بریتیە لە داخوازی کورد، شیعە، سوننە.

هەژار خۆشناو- ئیتالیا
06/03/2006
hajarkhoshnaw@hotmail.com